ئاگاداربن هەریەکێک لە ئێوە لە پەروەردگاری خۆی دەپاڕێتەوە (موناجاتی دەکات)، بۆیە با هیچ کەسێکتان ئازاری ئەوانی تر نەدات

لە ئەبی سەعیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوتدا ئیعتیکافی کرد، گوێی لێبوو کە خەڵکی بە دەنگی بەرز قورئانیان دەخوێند، پەردەکەی لادا، وفەرمووی: «ئاگاداربن هەریەکێک لە ئێوە لە پەروەردگاری خۆی دەپاڕێتەوە (موناجاتی دەکات)، بۆیە با هیچ کەسێکتان ئازاری ئەوانی تر نەدات، و با هیچ کەسێکتان لە کاتی خوێندنەوەی (قورئان) یان لە نوێژدا دەنگی بەسەر دەنگی ئەوانی تردا بەرز نەکاتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم لە مزگەوتەکەیدا ئیعتیکافی دەکرد لە نێو خێمەیەکدا؛ بۆ نزیکبوونەوە لە اللە، و بیستی کە هاوەڵانی بە دەنگێکی زۆر بەرز قورئان دەخوێننەوە و بەهۆی ئەمەوە ئازاری یەکتر دەدەن. پەردەکەی خێمەکەی لادا، و سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە ئەو کارە دەکەن، و فەرمووی: هەموتان بە خوێندنەوەی قورئان؛ لە پەروەردگارتان دەپاڕێنەوە، بۆیە ئازاری یەکتر مەدەن، و با هیچ کەسێک دەنگی بەسەر ئەوی تردا بەرز نەکاتەوە لەکاتی خوێندنەوەی قورئاندا یان لە نوێژدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65252